# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ژینگەیی لە پەرەپێدانی هۆشیاری و ڕەفتاری تاک بەرامبەر ژینگە: ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن

**هێمن ئەمین جەلال شوانی**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان- هەولێر، کوردستان، عێراق

**پوختەی توێژینەوە:**

هذە ڕاگەیاندنی ژینگەیی بەیەکێك لە پایە سەرەکیەکانی پاراستنی ژینگە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دادنرێت، کە بەهۆیەوە کار بۆ بڵاوکردنەوەی چەمك و بەها ژینگەیەکان دەکات، لەهەمان کاتدا کار بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ و دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات لە پێناو پاراستنی ژینگە و پەرەپێدانی، لەم سەردەمەدا ڕاگەیاندنی ژینگەیی بەکۆی ئامرازەکانی دەتوانێ ڕۆڵێکی ئیجگار گەورە لە چارەسەرکردنی بابەتە ژینگەییەکان و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاك لە خزمەتی ژینگە بگێڕێ ، بەشێوەیەك دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و پارێزگاریکردن لە ژینگە. لەم توێژینەوەیەدا و، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ڕاگەیاندنەوە کار و ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی گفتوگۆی زانستی لەبارەوە کراوە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە؛ ڕاگەیاندنی ژینگەی چ وەك چەمك چ وەك بابەت و زانست، مێژویەکی کۆنی نیە، بەڵکو یەکێکە لە زانستە تازەکان و، لەگەڵ زۆربونی کێشەی ژینگە و تێکچونی هاوسەنگی ژینگە، پێویستی ئەم زانستە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەرکەوت. لە کوردستان سەرباری بایەخدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەژینگە، بەڵام بەهۆکاری کەمی پسپۆڕی ئەکادیی لە بواری ڕاگەیاندنی ژینگەیی و کارنەکردنی کەناڵەکانی دیکەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وچەندین بابەتی دیکە، ژینگەی کوردستان و هۆشیاری ژینگەیی لە ئاستی پێویستدا نیە ، چونکە ڕاگەیاندن لە کوردستان لە بواری ژینگە زیاتر کاری لەسەر گواستنەوەی هەواڵی دۆخی کەش و هەوا ی ڕۆژ کرتوە، نەک باسکردن لە مەترسیەکانی تێکچونی ژینگە و خراپ مامەڵەکردنی تاک لەگەڵ پێکهاتە و ڕەگەزەکانی ژینگە.

**کلیلە وشەکان:** ڕاگەیاندن، ژینگە، ڕاگەیاندنی ژینگەیی، پەرەپێدان، هۆشیاریی، کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن.

## پێشەکی

هذا بایەخدانی ڕاگەیاندن بە ژینگە تا ڕادەیەکی زۆر بابەتێکی نوێیە، چونکە دوای بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و فراوانبونی بەرهەمە پیشەسازییەکان لەلایەن مرۆڤ بەڕادەیەکی بەرز، کە بەهۆیەوە وێرانبونی ژینگەی لێکەوتەوە و شوێنەوارەکانی ئەو وێرانکاریەش دەرکەوت، بۆیە پێویستیەکانی ڕاگەیاندنێکی تایبەت بە بواری ژینگە هات ئاراوە و ناونرا (ڕاگەیاندنی ژینگەیی).

ڕاگەیاندنی ژینگەیی هەماهەنگ و هاوکارێکی سەرەکیە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ژینگەیی لە ناو کۆمەڵگە، هەر بەهۆی ڕاگەیاندنی ژینگەییەوە وڵاتان چەندین ڕێوشوێنی یاسایان گرتۆتەبەر بۆ پاراستنی ژینگە، لەهەمان کاتدا ڕاگەیاندنی ژینگەیی ئامرازێکی سەرەکی بووە لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگە و پێکهاتەکانی. بەو پێیەی ڕاگەیاندنی ژینگەیی کەناڵێکی پەیوەندی کاریگەرە لە ناو کۆمەڵگە و، ڕۆڵی لە ڕێکخستنەوەی ڕەفتاری تاکەکان و مامەڵەکردنی کۆمپانیا و دامەزراوەکان لەگەڵ ژینگە هەیە، ئەوەش بەشیکردنەوە و ڕونکردنەوەی ڕەگەز و پێکهاتەکانی ژینگە و، ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تێکچونی ژینگە بەزمانێکی سادە تا تەواوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لێی تێبگەن، بۆیە ئەوەی وەك میدیاکاری ژینگەیی کار دەکات بەراورد بە میدیاکار لە بوارەکانی دیکە پشودرێژترە، هەر ئەوەش وا دەکات بابەتێکی ژینگەیی تا ئامادە دەکرێ و پێشکەش دەکرێ پێویستی بەبەدواداچونی زۆرتر بێ.

نەورۆز مەولود وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دواین لێدوانی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ: "ڕۆژانە (7)هەزار و

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 7، العدد 2 (2023) .
أُستلم البحث في 16 نيسان2023؛ قُبل في 17 أب 2023
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 أب 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف :hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 هێمن ئەمین جەلال شوانی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp73-82

(500) تۆن زبڵ و خاشاك لە کوردستان کۆدەکرێنەوە، بۆ چارەسەرکردنیشی مانگانە پێویستیان بە (12) ملیار دینارە" (شێخە، 2019، 3)، ئەوە ئەرکی ڕاگەیاندنکاری ژینگەییە کار لەسەر لایەنەکانی ئەو بابەتە بکات.

لەم توێژینەوەیەدا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ڕاگەیاندنەوە ڕۆشنایی خراوەتە سەر ڕۆڵی میدیای ژینگەیی لە پەرەپێدانی هەڵوێست و ڕەفتاری تاک بەرامبەر بە ژینگە، ئەوە سەرباری ناساندنی چەمکەکانی بابەتەکە و، کورتە باسێکی مێژووی سەبارەت بەڕاگەیاندنی ژینگەیی و پێویستیەکانی، هاوکات باسی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی کراوە، لەگەڵ خستنەڕووی ئەرك و ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی و چەند بابەتێکی دیکە، گومانی تێدا نیە لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی بابەتەکاندا پشت بەو دەقە زانستی و ئەکادیمیایانە بەستراوە، کە لەلایەن ئەکادیمیستان نوسراوون.

## 1. ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### 1.1 کێشەی توێژینەوە

لەسەردەمی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و، فراوانبوونی ڕۆڵی پیشەسازی لە کۆمەڵگە، مەترسیەکانی پیسبوونی ژینگە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، هاوکات ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بە هەموو جۆرەکانیەوە ڕۆڵی گەورەیان لە ئاراستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بوارە جیاوازەکاندا هەیە، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە :

1. ئایا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، شانبەشانی بوارەکانی دیکە بایەخیان بە ژینگەش داوە؟
2. تا چەند لە بایەخدان بە ژینگە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئامراز و میتۆدە زانستییەکانیان بەکارهێناوە؟
3. ئەو ئامراز و هۆیانەی ڕاگەیاندن کامانەن، کە لەم سەردەمەدا ڕۆڵی گرنگ لە هۆشیاری ژینگەیی لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە دەگێڕن .

### 1.2 ئامانجی توێژینەوە:

توێژەر لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەخوازێ هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە بدات :

1. ئاشنابوون بە پەرەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی ژینگەیی.
2. ئاشناکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە تایبەتمەندی بەرنامەی ژینگەیی لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ئەرکەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە هۆشیاری ژینگەیی .
3. زانینی ئەو ئامراز و هۆکارانەی ڕاگەیاندن، کە دەبنە هۆی هۆشیاری ژینگەیی لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە و هەموارکردنەوەی هەڵویست و ڕەفتارەکانیان.

### 1.3 هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەت :

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکردن دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی بابەتی و تایبەتی کە گرنگترینیان ئەمانەن :

1. کەمی توێژینەوەی پەیوەست بە کاروباری ژینگە لە کوردستان، بە تایبەت لە هۆشیاری ژینگەییدا .
2. ژینگەی سروشتی گرنگی زۆری بۆ بەردەوامی ژیان و جێبەجێکردنی پەرەپێدانی بەردەوام هەیە .
3. ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گواستنەوەی ڕاستی ژینگە و گرفتەکانی ئاڕاستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری دروست .

### 1.2 گرنگی توێژینەوەکە

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، بە هەمان شێوە ژینگەش لە زۆر ڕووەوە پەیوەندیەکی تەواوی بە ژیانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە هەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە دوای پەیوەندی نێوان ژینگەی ڕاگەیاندن دەگەڕێ، ئەوەش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن بۆ خزمەتکردنی ژینگە، هەروەک بە دوای ڕێگە چارە گونجاوەکان بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی سەر ژینگە دەگەڕێ، ئەوەش لە ڕێگەی ڕاگەیاندن بەتایبەت ڕاگەیاندنی ژینگەیی، خاڵێکی دیکەی گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە پێداویستیەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوە تاکەکانی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو.

## 2. چەمکەکانی توێژینەوە:

### 2.1 ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن چەمکێکی فراوانە و هەر زانستە و لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی دەکات، کەواتە "ڕاگەیاندن نوێنەرایەتی ڕاستیەکان و هەواڵ و هزر و بۆچوونەکان لە نێوان جەماوەر دەکات، ئەوەش بە ئامرازە ڕاگەیاندنە جۆراو جۆرەکانی وەک ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، سینما، ڕادیۆ، سیمینار و وۆرکشۆپ و ڕۆژنامەو هەر شتێکی دیکە کە ببێتە هۆی هۆشیاری و باوەڕ پێهێنان و ڕاکێشانی پاڵپشتی" (بدوی، 1994، 84)، یاخود لە شوێنێکی دیکەدا بەم شێوەیە پێناسەی ڕاگەیاندن کراوە، کە "ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و کاریگەری لەسەر خەڵکی دروست دەکات، ئامرازێکی خێرا و گرنگە لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و فێرکاری و خۆشی و باوەڕپێهێنان، ئەوەش لە پێناو بەشدارپێکردنی خەڵکی بەکاردەهێنرێت بۆ تێرکردنی داخوازیەکانیان"(هواس، 2015، 7) .

لەم توێژینەوەیە مەبەست لە ڕاگەیاندن: بریتیە لەو ئامرازەی کە بەهۆیەوە پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییەکانی پێ دەگیرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان لە بواری ژینگە.

### 2.2 ژینگە

بەهەمان شێوە چەمکی ژینگە یەکێکە لەو چەمکانەی، کە لە ئێستادا بە شێوەیەکی فراوان هاتۆتە ناو زانستەکان و بە جۆرەها شێوە گوزارشتی لێ دەکرێت و توێژینەوەی لەبارەوە کراوە، لە ڕووی زانستیەوە ووشەی ژینگە نیشانەیە بۆ هەموو ئەو فاکتەر و هۆیە بینراو و نەبینراوانەی کە دەوری بوونەوەرە زیندووەکانیان لە جیهاندا داوە" (ربيع، 2014، 9)، هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا سەبارەت بە ژینگە هاتووە "ژینگە بە مانای سروشت و پێکهاتەکانی ئاو و هەوا، خاک، ئاسمان و ئەو

گیانلەبەرانەی تێدا ئەژین ئەگرێتەوە، هەروەها ژینگەی دروستکراو ئەو ژینگەیە کە مرۆڤ لە ژینگەی سروشتی دروستی دەکات"(خاطر، 2016، 21-22) .
لەم توێژینەوەیە مەبەست لە ژینگە هەموو ئامرازە سرووشتی و فیزیای و بایەلۆجیەکان لە زەوی، هەوا و ئاسمان و، هەموو ئەوانەی تێیدا دەژین لە ناویشیاندا مرۆڤ دەگرێتەوە، هەروەها هەموو ئەو ئامرازانەش دەگرێتەوە کە مرۆڤ بۆ رێکخستنی سیستمی ژیان و، بۆ بەرێوەبردنی کار و چالاکی و پەیوەندییەکانی دروستی کردووە .

## 2.3 ڕاگەیاندنی ژینگەیی

لەگەڵ فراوانبوونی کێشەی پیسبوونی ژینگە لەلایەن مرۆڤ، پێویستی ڕاگەیاندنی ژینگەیی بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەرکەوت، ئەوەش لە پێناو پاراستنی ژینگەیەکی تەندروست، بۆیە چەمکی (ڕاگەیاندن ژینگەیی) چەمکێکی نوێیە و چەند جۆرە پێناسەیەکی بۆکراو، لەو بارەیەوە لە پێناسەیەکدا هاتووە "ڕاگەیاندنی ژینگەیی ئامرازێکە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی ژینگە، ئەوەش لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی جەماوەرە و وەرگر، ئامانج لەو پەیامە و بابەت و ڕاگەیاندنە ژینگەییە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بەڕاستی دۆخی ژینگە و زانیارییە دروستەکان"(الجبوری، 2011، 12)، لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە "ڕاگەیاندنی ژینگەیی بریتیە لەو ڕاگەیاندنەی تیشک دەخاتە سەر سەرجەم گرفتە ژینگەییەکان هەر لەسەرهەڵدانیەوە تا چارەسەرکردن، لەهەمان کاتدا دەیگوازێتەوە بۆ جەماوەر تا پێیان ئاشنا بێت و بایەخ بە ژینگە بدات"(صالح، 2003، 93). هەروەها ڕاگەیاندنی ژینگەیی بەوە پێناسە دەکرێت کە "بریتیە لە پرۆسەی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاستییە زانستییەکانی پەیوەندار بە ژینگە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە مەبەستی دۆزینەوەی ئاستێک لە هۆشیاری بۆ پاراستنی ژینگە" (جاف، 2017، 4).
لەم توێژینەوە مەبەست لە ڕاگەیاندنی ژینگەیی ئەو ڕاگەیاندنە تایبەتمەندەیە، کە پەیام لە بارەی خزمەتکردنی ژینگە ئاڕاستە دەکات، ئەوەش لە ڕێگەی جۆرەها ئامراز و کەناڵ بۆ گەیشتن بە جەماوەر بەئامانجی ئاشناکردن و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە گرنگی ژینگە و، ئەم مەترسیانەی لە داهاتوودا ڕووبەڕووی ژینگە دەبێتەوە.

## 2.4 پەرەپێدان

پەرەپێدان یان گەشەپێدان یەکێکە لەو چەمکە باوانەی، کە لەم سەردەمەدا زۆر بەکاردێ، جا چ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بێ، یان وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان، یاخود دواکەوتووەکان، سەرباری بەربڵاوییەکەی، بەڵام پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە، پەرەپێدان بریتیە لەو ڕەفتارانەی کە کۆمەڵگە دەیانگرێتەبەر بۆ خۆشگوزەرانی و دەسکەوت (هماش، وآخرون، 2017، 6)، هەروەها دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە ساڵی (1956) بەم شێوەیە پێناسەی پەرەپێدانی کردوە، کە بریتیە لەو پرۆسانەی کە بەهۆیەوە دەتوانرێ هەوڵەکانی هاوڵاتیان و حکومەت یەکبخرێ بۆ باشکردنی دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگە خۆجێییەکان(سالم، 2016، 12).
لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە پەرەپێدان: بریتیە لە بەرزکردنەوە و گەشەپێدانی ئاستی زانیاری تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی ڕەفتار و هەڵوسوکەوت لەگەڵ ژینگە و ڕەگەز و پێکهاتەکانی لە پێناو پاراستنی ژینگە.

## 2.5 هۆشیاری

هۆشیاری وشەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەئەقڵی تاک و ئاستی پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەی دەوروبەر هەیە، بۆیە دەبینین لەگەڵ زیادبوونی کێشەی پیسبوونی ژینگە چەمکی (هۆشیاری ژینگەیی) هاتە ناو فەرهەنگی بواری ژینگەیی، ئەم چەمکە چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لە پێناسەیەکدا هاتووە "هۆشیاری ژینگەیی بریتیە لە درککردنی مرۆڤ بە گرنگی و پاراستنی ژینگە لە ئەنجامی ڕەفتاری ئەرێنیانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا و، تێگەیشتن لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرکانی ژینگە، بۆیە هۆشیاری ژینگەیی ئیرادەی مرۆڤە بۆ بەردەوامبوونی ژیان"(محمد، 2008، 73-74)، لە پێناسەکی دیکە هاتووە هۆشیاری ژینگەیی "بریتیە لە پرۆسەی دووبارە ئاڕاستەکردنەوە و پێکەوە گرێدانی لقە جیاوازەکانی زانیاری و شارەزایی پەروەردەی بۆ ئاسانکردن و درککردنی تەواو بە کێشە ژینگەییەکان، بواریش دەدات کە کاری ئەقڵانی بکرێت بۆ هاوبەشیکردن لە بەرپرسیارێتی کێشە ژینگەییەکان و بەرزکردنەوەی جۆری ژینگەکە"(مشعان، 2014، 96) .
لەم توێژینەوەیە مەبەست لە هۆشیاری ژینگەیی بریتیە لە ئاڕاستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە تا پلەی درککردن بە هۆشیاری چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە بەشێوەیەکی دروست، لەهەمان کاتدا پێدانی زانیاری دروست سەبارەت بە گرفتەکانی ژینگە و مەترسی پیسبوونی ژینگە لەسەر باری تەندروستی مرۆڤ.

## 3. مێژووی دەرکەوتنی ڕاگەیاندنی ژینگەیی

### 3.1 لەسەر ئاستی جیهان

هاوکات لەگەڵ گەشەسەندنی زانستەکان و فراوانبونی هزری مرۆڤ بۆ تاوتوێکردنی زانستەکان بەشێوەیەکی وردتر، زانستەکان چەندین لقی جیایان لێ بوە و، پسپۆڕییەکان لە بوارەکان زیاتر بو، بۆیە لەگەڵ گەشەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی و زیادبونی کێشەی ژینگە و پیسبونی ژینگە ڕاگەیاندنی ژینگەیی هاتەئاراوە، ئەوەش لە پێناو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ لە مەترسیەکانی پیسبونی ژینگە و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتوی کۆمەڵگە، بەڵام لەسەرەتادا زانستێك نەبو بەناوی ڕاگەیاندنی ژینگەیی، بەڵکو لە چوارچێوە گشتیەکانی بایەخدان بە ژینگە، ڕاگەیاندنیش باسی لە ژینگە کردوە، بۆیە "لە ساڵی (1870) یەکەمین دەرکەوتن بایەخدانی ڕاگەیاندن بەژینگە هاتە ئاراوە، ئەوەش لە شاری (مینی سۆتا) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بو، کاتێك (Hallock) گۆڤارێکی تایبەتی بە بابەتە ژینگەیەکان چاپ و بڵاوکردەوە، کە تیدا جەختی لەسەر (ژیانی وشکانی لە شار) دەکردەوە، هەروەها لە ساڵی (1920) بۆ یەکەمین جار لە ویلایەتەکگرتوەکانی ئەمریکا

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp73-82

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بایەخدانەکانیان بەژینگە دەستپێکرد" (بادیس، 2017، 368)، پاشانیش (Rachel Carson) لە ساڵی (1962) پەرتوکەکەی بەناونیشانی بێ دەنگی بەهار (Silent Spring) بڵاوکردەوە، ئەو لە کتێبەکەیدا ڕایگەیاند: ژینگە لەبەردەم مەترسیەکی یەکجار گەورەدایە، بۆ ئەوەش گریمانەیەکی کردو وتی: بەهۆی هەوڵی مرۆڤەکان بۆ چاککردنی ژیانی خۆیان، ژینگە تێك دەدەن، بەبێ ئەوەی تێبگەن، کە لە کۆتایدا لە ژینگەیەکی تێکدراودا ژیانی مرۆڤەکانیش مەحاڵە.

بۆ ئەوەش (ڕیچارد کارسۆن) پەنای بردە بەر ڕاگەیاندنەکان بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە مەترسیەکانی پیسبونی ژینگە هۆشیار بکاتەوە، ئیتر لەو کاتە بەدواوە ڕاگەیاندنەکان بەچەندین شێواز کار بۆ ژینگە دەکەن"(جاف، 2017، 5)، لە ساڵی (1963) زیاتر لە (300،000) ئەمریکی لە ڕۆژی جیهانی زەوی بەشداری خۆپیشاندانێکی گەورەیان کرد، لە ساڵی (1970) سەرۆك (نیکسۆن) ئاژانسی پاراستنی ژینگەی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دامەزراند و، لەهەمان ساڵیش لە شانشینی بەریتانیا (ئیداوارد هیس) سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا وەزارەتی ژینگەی دامەزراند، لەو ساڵانەش بەدواوە بایەخدانەکانی ڕاگەیاندن بەژینگە زیاتر بو"(بادیس، 2017، 368).

بەڵام دەکرێ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو بەدەرکەوتنی ڕاگەیاندنی ژینگەیی دابنێین، چونکە " لەو ساڵانەدا ڕۆژنامە و هۆیەکانی ڕاگەیاندن بایەخێکی ئیجگار گەورەیان بەڕوداوە ژینگەیەکانی ئەو کات دا، بۆ نمونە نقومبونی کەشتی هەڵگری (ئەمۆکر کادنیرۆ) لە ساڵی (1978) و، تەقینەوەی بیری نەوت لە مەکسیکۆ لە ساڵی (1979)...پێشتریش ژمارەیەك لە زانایانی بەریتانی لە ساڵی (1972) لە ڕۆژنامەی (ئیکۆلۆجیست) بەڵگەنامەیەکیان بەناوی (لە پێناو مانەوە) بڵاوکردەوە، ئامانجیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامەیە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بو لەسەر گۆڕانکارییە ژینگەییەکان و شیکردنەوەی وێرانبونی سیستمی ژینگەیی سەبارەت بەمرۆڤ"(صالح، 2003، 98)، هاوکات کەوتنەوەی چەند ڕوداوێکی دیکە کە کاریگەری زۆریان لەسەر پیسبونی ژینگە هەبوە، هاتنە ئارایی ڕاگەیاندنی ژینگەیی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بوە یەکێکە لە پێویستیە لە پیشینەکان، لە گرنگترین ئەو ڕوداوانەی لەو سەردەمەدا ڕویاندا ئەمانە بون: "ڕوداوی بۆپالی هیندستان (1984)، ڕوداوی چێرنوبڵی (1986)، ڕوداوی نەوت گوێزەرەوەکەی (ئەکسون ڤالدیز) لە ساڵی (1989)" (ڕەبیع، 2014، 257).

### 3.2 لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان:

بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی، لە کوردستان هەر لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) و، دامەزراندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بایەخدان بە ژینگە و ژینگەپارێزی دەستپێکرد، "لە کۆتاییەکانی ساڵی (1991) لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەیەک بەناوی (ئاسۆی زانست) پێشکەش دەکرا، گۆشەیەکی ئەو بەرنامەیە تایبەت کرابوو بە (هۆشیاری ژینگەیی)، کە (37) ئەڵقەی لێ پێشکەشکرا، دواتر لە ساڵی (1997) بەرنامەیەکی هەفتانە لەسەر ئاستی شاری سلێمانی بە ناوی (ژینگە و ژیان) پێشکەش دەکرا، یەکەمینجار بەرنامەکە لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو پەخش دەکرا، دواتر ڕەوانەی تەلەفزیۆنەکانی سۆسیالست، زەحمەتکێشان، ئازادی و گەلی کوردستان دەکرا پەخش دەکرایەوە، ئەو بەرنامەیە (80) ئەڵقەی لێ پێشکەشکرا، هەروەک یەکەمین بەرنامەی ژینگەیی لە ڕادیۆ لە (1997/7/12) لە ڕادیۆی یەکگرتوو دەنگی سلێمانی پێشکەش کرا، لەسەر ئاستی شاری هەولێریش هاوکات ڕاگەیاندنەکان بایەخیان بە ژینگە داوە و، یەکەمین بەرنامەش بە ناوی ( ژینگە و مرۆڤ) لە تەلەفزیۆنە ناوەخۆییەکانی زەحمەتکێشان،گەلی کوردستان، یەکگرتن، هەولێر و گوڵان2 پێشکەش کراوە، هەروەك یەکەمین بەرنامەی ژینگەی لەسەر ئاستی شاری هەولێر لە ڕادیۆی مەڵبەندی سێی (ی.ن.ک) و، دواتریش لە ڕادیۆی حزبی شیوعی کوردستان پێشکەش کراوە"(قەرەداغی، 2015، 72-74).

بەم پێیە قۆناخ بە قۆناخ، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەکانیان بایەخدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە کاروباری ژینگە و ئاگادارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە مەترسیەکانی ژینگە و هۆشیارکردنەوەیان فراوانتر بوو، جگە لەوانەش چەندین ڕێکخراوی ژینگەیی هاوشانی دامەزراوەکان ڕاگەیاندن دامەزران لە پێناو پاک ڕاگرتنی پاراستنی ژینگەی کوردستان،(قەرەداغی، 2015، 122). کە  بە پێی ئامارێك تا ساڵی (2021) لەسەرتاسەری کوردستان (220) ڕێکخراوی ژینگەیی دامەزراوە، لەسەر ئاستی حکومەتیشدا لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمین جار وەزارەتێک بە ناوی وەزارەتی ژینگە دامەزرا، ئێستاش ئەو وەزارەتە بە ناوی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بەردەوامی بەکارەکانی خۆی دەدات.

بەڵام سەرباری ئەو بایەخپێدانە مێژووییەی ڕاگەیاندنەکان لە کوردستان بە ژینگە و ژینگە پارێزی و، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و، کارەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، کەچی ژینگەی کوردستان لە دۆخێکی خراپدایە، ئەوەش بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە کە بریتین لە:

1. دەوڵەمەندی خاکی هەرێمی کوردستان بەسەرچاوە سروشتیەکان بۆتە مایەی ئەوەی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان لە هەوڵی ئەوەدان پشکێک لە دەرهێنانی نەوتی کوردستان بۆ خۆیان ببەن. بەڵام چاودێرانی ژینگەی هەرێم ئاماژە بەوە دەدەن ئەو کۆمپانیایانە پابەند نەبون بەو بەشەی گرێبەستەکانیان، کە تایبەتە بە پاراستنی ژینگەی ناوچەکە(بەرزنجی، 2013، 8).
2. گرانبوونی سوتەمەنی بۆتە هۆکاری بڕینەوەی دارەکان لە ناوچە شاخاوییەکان.
3. بەهۆی نەبوونی پسپۆڕی کارکردن لە ڕاگەیاندنەکان، ڕاگەیاندنەکان بە شێوەیەکی ورد و ئەکادیمی و وەک پێویستی تاکەکانی کۆمەڵگەیان هۆشیار نەکردۆتەوە (لە باسەکانی داهاتووداو وردتر کاری ڕاگەیاندنی ژینگەیی شی دەکەینەوە).
4. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی سەرباری زۆری ژمارەیان، بەڵام ئەوانەی کاران توانای داراییان سنووردار و، ژمارەیان کەمە.

بەم شێوەیە دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین ڕاگەیاندنی ژینگەیی شاهیدی قۆناغی جیاوازی گەشەسەندن بووە کە دەتوانرێت لە سێ قۆناغی سەرەکیدا بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

قۆناغی یەکەم: مامەڵەی لەگەڵ پرسە ژینگەییەکانی بەپەلە و وروژێنەرکاندا کرد وەک ئەوەی ڕوویاندا.

قۆناغی دووەم: قۆناغی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندە کە ئاراستەی کەرتێکی دیاریکراوی کەسانی ئارەزومەند و تایبەتمەند و سنووردار دەکات.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی بەربڵاوی ڕاگەیاندنی گشتییە، لەناویاندا لە بواری ژینگەدا ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگەیەوە دیدێکی دیاریکراو لە باری ژینگە دروست بکات، ئەوەش لە ڕێگەی ڕوماڵی هەواڵی ڕووداوە خێراکانی پەیوەست بە ژینگە، وەک کۆنفرانسی ژینگەیی و سیمینار و سمپۆزیۆم جگە لە ڕووداوە ژینگەییەکانی فریاگوزاری، وەک زەمینەلەرزە و گڕکان و لافاو ڕووچونی زەویی...هتد، لەگەڵ دروستکردنی بۆچوونێکی تازە لەسەر پرسە ژینگەییەکان بۆ هەمووارکردنەوەی ڕەفتار و

هەڵسوکەوتی تاک و دامەزراوەکان بەرامبەر بەژینگە.

## 4. ڕاگەیاندنی ژینگەیی (جۆر و ئامانجەکانی)

### 4.1 جۆرەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی

ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی لەم سەردەمەدا ڕۆڵێکی باڵا دەگێرن لە ئاراستەکردن و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ بایەخدان بە ژینگە و پاراستنی، بەڵام هاوشانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی، کەناڵەکانی دیکەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگیان لەو بوارەدا هەیە، ئەوەی لەم باسەدا تیشکی دەخەینە سەر جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی کە بریتین لە:

- ڕاگەیاندنی خوێنراو: گۆڤارو ڕۆژنامەکان.
- ڕاگەیاندنی بیستراو: ڕادیۆ.
- ڕاگەیاندنی بینراو: تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت.
- میدیای نوێ.

لەناو ئەم ئامرازانەی ڕاگەیاندندا، ڕاگەیاندنکاری ژینگەی دەتوانێت ڕێگەی جۆراو جۆر بەکاربهێنێت بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ و گەیاندنی پەیامە ژینگە پارێزەییەکان، بۆ نموونە:

1. هەڵبژاردنی بابەتی ڕۆژنامەوانی ژینگەیی: هەڵبژاردنی بیرۆکەی ڕۆژنامەوانی، ڕەگەزێکی زیندو و کاریگەرە لە نووسینی بابەتە ژینگەییەکاندا، بابەتە ژینگەییەکان خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی ڕاستەوخۆ نیە، کە وەک ئالنگاریەک (تحدا)یەك ڕووبەڕووی میدیاکاری ژینگەی ببێتەوە، بەڵکو لە دۆخێکی سەقامگیردا دەتوانێ چیرۆکێکی سەرەنجراکێش دروست بکات، بۆیە دەبێت ڕاگەیاندکاری ژینگەیی یان میدیاکاری ژینگەیی گۆشەیەک دەستنیشان بکات، کە ببێتە هۆی بەدیهێنانی گۆڕانکاری، هەروەک دەبێت لە هەڵبژاردنی گۆشەکەدا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە لە چەندین لاوە گرنگی هەیە(ابراهيم، 2001، 242). ئەوەش لەسەر چەندین ئاست و توێژە جیاکانی کۆمەڵگە ڕۆڵ بگێڕێ لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەپێی ئاستی تەمەنیان.
2. ڕێکلام : ڕێکلام بە هەموو جۆرەکانیەوە، جا بازرگانی بێت یان سیاسی یاخود هەواڵی، ڕۆڵێکی گرنگی لە ئاراستەکردنی جەماوەر هەیە بۆ ڕووکردنە بابەتێکی دیاریکراوەوە، بۆیە دەبێت ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی و ڕاگەیاندنی ژینگەیی بە تایبەت ڕێگە نەدات بەبڵاوکردنەوەی ڕێکلامێک کە زیان بە ژینگە بگەیەنێت(الأخضر، 2006، 216)، بۆ نموونە بڕینەوەی دار و درەخت، یان فرێدانی پاشماوە لە شوێنە گشتی و گەشتیارییەکان، یاخود هەر ئاماژەیەک کە زیان گەیاندن بە ژینگە لە خۆ بگرێت، چونکە "ڕێکلام بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری و تەندروستی و چارەسەرکردنی کێشە و ئاستەنگییەکان کار دەکەنە سەر کۆمەڵگە، بۆ نمونە ڕیکلامکردن بۆ (جگەرەنەکێشان)، (پاراستنی ژینگە)، (دەستگرتن بەکارەبا) و، دەیان بابەتی تر یارمەتیدەری کۆمەڵگە دەبن، بۆیە هەر کاتێك ڕێکلامەکان پابەند بن بە بەکارهێنانی تەواوی توخمەکانی ڕێکلام (هەست و سۆز جوڵاندن، ڤیدیۆی دەنگ و ڕەنگ و تێکست..هتد)، ئەوکاتە کاریگەرییە باشەکانی لەسەر کۆمەڵگە زیاتر دەبێت" (جەلال، 2019، 48-47). کەواتە ڕیکلام لەم سەردەمەدا ئامرازێکی کارایە بۆ هەموارکردنەوەی هەڵوێست و ڕەفتاری تاک بەرامبەر بە بابەتە جیاوازەکانی ژینگە، چونکە لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین زانیاری پێشکەش بەتاک دەکات.
3. لێدوانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی: لە لێدوانی ڕاگەیاندنی ژینگەیدا دەبێ جەخت لەسەر بابەتێک یان ئەو بابەتانە بکرێ کە بۆ هاوڵاتییان گرنگن، نەک جەخت لەسەر ئەو کەسە بکرێتەوە، کە لێدوان دەدات، چونکە ئەوە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییە (الأخضر، 2006، 251)، واتە دەبێ ڕاگەیاندنی ژینگەیی زیاتر گرنگی بە خودی بابەتەکە بدات نەک کەسەکە کە لێدوانی داوە.
4. بەدواداچونی ڕۆژنامەوانی ژینگەیی: لە ڕێگەی هونەری بەدواداچونی ڕۆژنامەیەوە، نوسەری کاروباری ژینگەیی دەتوانێ بەشێوەیەك باس لە بابەت و ڕێگەچارەکان بکات، کە لەلای خوێنەر، یان بینەر، یاخود گوێگر هاوسۆزییەکی تەواو بۆ بابەتەکە دروست بکات و، لە ڕەفتارەکانیدا ڕەنگبداتەوە، بەمەرجێك دەبێ نوسەرەکە ئاگاداری ئەوەش بێت کە نوسینەکەی چوارچێوەیەکی ڕیکلامکردن یان هەواڵی وەرنەگرێ، بەڵکو دەبێ ئاگاداری ئەوەش بێ کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بەدواداچونی ڕۆژنامەوانی و نوسینی هەواڵ هەیە، لەهەمان کاتدا دەبێ بەدواداچونی ڕۆژنامەوانی ژینگەیەکی بەزمانێکی پاراو و سەرەنجراکێش بنوسرێ، بەشێوەیەك وەرگر کێش بکات بۆ وەرگرتنی (ابراهيم، 2001، 260-261). میدیاکاری ژینگەیی لە ڕێگەی بابەتە بنکۆڵکاریەکانی دەرفەتی باشتر و ماوەی باشتری لەبەردەستە تا لایەنە جیاوازەکانی دۆخی ژینگە بەدواداچونی بۆ بکات و، دواتر بیانخاتەڕوو.
5. چیرۆکی ڕۆژنامەوانی ژینگەیی: گێڕانەوەی چیرۆکی ڕۆژنامەوانی ژینگەیی جۆرێکی دیکەیە لەو ئامرازانەی کە ڕاگەیاندنی ژینگەیی پەنای بۆ دەبات بۆ گێڕانەوەی بابەتە ژینگەییەکان و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەش ڕاگەیندنکاری ژینگەیەی بابەتێکی ژینگە هەڵدەبژێرێت و لە زاری کەسانی شارەزا و پسپۆڕ باس لە بابەتەکە دەکات، بۆ نمونە گەرمبونی زەوی و لێکەوتەکانی لەسەر مرۆڤ، بۆ گێڕانەوەی گەرمبونی زەوی، ڕاگەیاندنکاری ژینگەیی بەراوردێکی دۆخی ژینگە دەکات لە نێوان ڕابردو و ئێستا و داهاتوو چۆن دەبێت، "ئەوەش بابەتێکی زۆر فراوان و فرە ڕەهەندە، بۆیە ڕاگەیاندنکاری ژینگەیی بۆ ئەوەی ڕۆماڵی تەواوی لایەنەکانی ئەو بابەتە لە (سەرهەڵدانی هۆکارەکان تا لێکەوتەکانی) لە سەرجەم بوارەکان بکات، بۆچونی پسپۆڕی بوارەکانی (تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ژینگەیی...) وەردەگرێ و، پشت بەنوێترین سەرچاو و داتا و ئامراز دەبەستێت بۆ داڕشتن و گێڕانەوەی چیرۆکەکە"(عبدالحليم، 2013، 97).
6. وتاری ڕۆژنامەوانی: وتاری ڕۆژنامەوانیش یەکێکی دیکەیە لە ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی، کە شیکردنەوە و لێکدانەوە و باوەڕپێهێنان لە ئەرکەکانێتی، ئەو ئەرکانەش لە خۆیدا پێویست و گرنگن بۆ تێکەڵکردن لەگەڵ بابەتی ژینگەیی، چونکە خوێنەرانی ئەو لاپەڕانە لە ئاستێکی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و تێگەیشتنیکی بەرزدان، ستونی ڕۆژنامەوانیش زیاتر لە جۆرەکانی دیکەی وتار بۆ لاپەڕەکانی ژینگەیی بەکاردێ (ابراهيم، 2001، 267).
7. ڕاپۆرتی ژینگەیی: ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ژینگەیی یەکێکی دیکەیە لە هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی کە سەرنوسەری کاروباری ژینگەیی پەنای بۆ دەبات بۆ گوزارشتکردن و قسەکردن لەسەر ژینگە، ئەوەش لە ڕێگەی هەر سێ جۆری

ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی کە بریتیە لە ڕاپۆرتی هەواڵی تێدا هەندێ لە لایەنەکانی ڕوداوێکی ژینگەی و پاشخانەکەی باس دەکات، هەروەك لە ڕاپۆرتی زیندوشدا جەخت دەکرێتە سەر وێنەی زیندو و کاریگەری ڕوداوەکە بەبێ شیکردنەوە و لێکدانەوە، بەهەمان شێوە لە ڕاپۆرتی نیشاندانی ڕاو و بۆچونی کەسایەتیەکانیشدا زانیاری لەبارەی کەسایەتیە پەیوەندارەکانی پەیوەست بەڕوداوەکە دەگوازرێتەوە، کە ڕۆڵی گەورەیان لە ڕودانی ڕوداوەکە هەبوە (ابراهیم، 2001، 268).

8. میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان: ئامرازەکانی میدیای نوێ کە وێبسایت و بلۆگ و ویکی تایبەتمەند و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆدەگرێت پرس و کێشە ژینگەییەکان یەکێکن لەو بابەتانەی تیاندا دەوروژێندرێ و، زۆرێک لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی ئەو سایتەوە چالاکن بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری ژینگەیی، ئەوەش بە پێدانی زانیاری و هەواڵە ژینگەییەکان (Dhiman, 2017, 46)و، داوای بەشداریکردن لە هەڵمەتە خۆبەخشییەکان بۆ پاراستنی ژینگە و زەریا، هەروەها بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ و کۆمێنت بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بەکارهێنەران لە پێناو بڵاوکردنەوە هۆشیاری ژینگەیی، میدیای نوێ لەم سەردەمەدا زیاتر لە هەر جۆرێکی دیکە ڕۆڵێکی گرنگ و کارایان لە گەیشتن بەتاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، بۆیە ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەتوانێ سود لەو دەرفەتە وەربگرێ و، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیە بەربڵاوەکان گرنگە کار بۆ گەیشتن بەتاکەکانی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەیان بە بابەتە جۆراو جۆرەکانی پەیوەست بەژینگە بکات(Yadav & Sinha, 2017, 54)، "چونکە دەتوانێ بەبەردەوامی لە پەیوەندیدا بێ و زانیاری ببەخشێ، بەهۆی ئەوەی ئاسانە لە بەکارهێنان و زۆریش بەربڵاوە، بۆیە بابەت و گرفتەکانی ژینگە یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەتایبەت فەیسبوك باس دەکرێت و دەخرێتەڕو، هەربۆیە زۆرێك لە کۆمەڵ و ڕێکخراوە ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە بواری ژینگە لە پێناو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەگرنگی ژینگە و پاراستنی زانیاری و هەواڵە ژینگەییەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاودەکەنەوە"(فتیحة، 2012، 121)، ئەوەش دەرەفەتێکی باش بۆ ڕاگەیاندنکاری ژینگەیی ڕەخساندوە تا چالاکیەکانی باشتر بە وەرگر بگەیەنێت، ئینجا جاری وایە بەنوسینێکی کورت، جاری واش هەیە بەفۆتۆیەکی سەرەنجڕاکێش، یاخود بەکورتە ڤیدیۆیەکی دەوڵەمەند و پڕ زانیاری.

9. بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی تایبەت بەژینگە: ئەوەش یەکێکی دیکەیە لەو ئامرازانەی، کە ڕاگەیاندنکاری ژینگەیی بۆ گەیاندنی بابەتەکانی ژینگە بەتاکەکانی کۆمەڵگە پەنای بۆ دەبات، بۆیە باشترین جۆری بەرنامە بۆ ژینگە بریتین لە بەرنامە مەیدانیەکان(Rong, 2009, 12)، واتا ڕاگەیاندنکاری ژینگەیی ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ژینگەکە، چونکە ئەو دەنگ و ڕەنگەی لەناو سروشت هەیە زۆر جیاوازە لەوەی کە لە ستۆدیۆ بێ، هەر ئەوەش وا دەکات کە سەرەنجی بینەر و خوێنەر زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و تێکەڵی بەبابەتەکە بێت.

10. فیلمی دۆکیۆمێنتاری: ئەوەش بریتیە لە هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، کە ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەتوانێ بینەر یان بیسەر ڕابکێشێتە ناو بابەتێکی پەیوەست بەژینگە، بۆ نمونە ڕاگەیاندنکاری ژینگەیی دەتوانێ فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر کاریگەری کۆمپانیاکانی نەوت لەسەر دانیشتوانی نزیك کێڵگەکانی نەوت ئامادە بکات و، باس لەو زیانە ژینگەی و تەندروستی و کۆمەڵایەتیانە بکات، کە بەهۆی پابەندنەبونی ئەو کۆمپانیایانە بەپاراستنی لایەنی ژینگەی بەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا هاتوە.

11. فیلم کارتۆنی منداڵان: بەهەمان شێوە لە ڕێگەی زنجیرە فیلمی کارتۆنی تایبەت بەمنداڵان کە باس لە ژیانی ئاژەڵان لە ناو دارستن و گرنگی پاکراگرتنی ژینگە و چۆنیەتی پاراستنی ژینگە دەکات(Fleer & Hardy , 2000, 58) ، ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەتوانێ ڕۆڵێکی باش لە پێگەیاندنی منداڵان و پەروەردەکردنیان و هۆشیارکردنەوەیان بەگرنگی ژینگە بۆ مرۆڤ بگێڕێ (أحمد، 1995، 268).

## 5. ئەرك و ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی

### 5.1 ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی:

ڕاگەیاندنی ژینگەیی هاوشێوەی ڕاگەیاندنی دیکە چەندین ئەرکی هەیە، بەڵام جیاوازی ناوەڕۆکی پەیامەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی دیکە لەوەدایە، کە ڕاگەیاندنی ژینگەیی بایەخ بە کاروبارەکانی ژینگە و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات، لە گرنگترین ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی ئەمانەن:

1. هەواڵ و زانیاری: سەرەکیترین ئەرکی ڕاگەیاندنی ژینگەیی بریتیە لە هەواڵەکان، لەهەمان کاتدا هەواڵەکان بەبنەمای ئەرکەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی ژینگەیی دادەنرێت، چونکە لە ڕێگەی هەواڵەکان جەماوەر و سەرجەم چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگە بەجیاوازی تەمەن و ڕەگەز و بیرکردنەوە ئاگاداری ئەو گۆڕانکار و ڕووداوە ژینگەییانە دەبن، کە لە چواردەوریان ڕودەدات، جا چ لەسەر ئاستی ناخۆ بێ، یان هەرێمی، یاخود جیهان بێت(محسن، 2008، 17)، بۆیە ئەرکی ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی ژینگەیی بەتایبەت تەنها گواستنەوەی هەواڵی ڕۆژانەی کەش و هەوا نیە، بەڵکو دەبێ ڕوبچێتە ناو گۆڕانکارییەکانی ڕەگەزەکانی ژینگە و مرۆڤ ئاشنا بکات بەو پێشێلکاریانەی کە ڕۆژانە بەرامبەر بەژینگە دەکرێ.

2. ئامۆژگاری و ئاڕاستەکردن: لێرەدا ئەرکی ڕاگەیاندنی ژینگەیی تەنها گەیاندنی هەواڵ و زانیاری نیە، بەڵکو شیکردنەوە و لێکدانەوەی گرفتە ژینگەییەکان و ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی و کاریگەرییە نەرێنیەکانی ئەرکێکی دیکەی ڕاگەیاندنی ژینگەیە(مصطفی، 2010، 34)، چونکە لەم ڕێگەیەوە تاك بەو هۆیەوە تێ دەگات و بیرکردنەوەی دەگۆڕێ و ڕەفتارێکی نوێ بەرامبەر بەژینگە دەنوێنێ، جگە لەوەش جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە دەرفەتێك بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەبارەی ژینگە و گرفتەکانی و چۆنیەتی پاراستنی لەلای ئەوانەش دەڕەخسێنێ، کە نەخوێندەوارن(حفظ الله، 1985، 66)، کەواتە ئاراستەکردنی تاک بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دروست بەرامبەر بەژینگە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی.

3. پەروەردە و فێرکردن: ڕاگەیاندنی ژینگەیی ڕۆڵی گرنگی لە پەروەردەی نائاسایی و فێکردنی بەردەوام و پێشکەوتوو هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنە زانستیەکان هەڵکەن، هەروەها هاوکاری تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێ لە

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp73-82

گواستنەوەی کەلتوری شارستانیەتە جیاوازەکان و گواستنەوەی لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی دیکە، ئەوەش ڕۆڵی لە پەرەپیدانی هزری تاکەکان بۆ بوژانەوەی ئاڕاستە جیاوازەکانی ژینگە بەشێوەیەکی ئەرێنی دەبێت (مذکور، 1999، 9)، چونکە ڕاگەیاندنی ژینگەیی وەک کەناڵێکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە پەروەردەکردنی تاک لە ڕووی ژینگەیەوە.

## 5.2 ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی

هەرچەندە توێژەران لەسەر ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی بەتەواوەتی ڕێکنەکەوتوون، ئەوەش بەهۆی دخۆی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئیکۆلۆژی هەر کۆمەڵگایەک، بەڵام بە گشتی پسپۆڕان باس لەم ئامانجە گشتیانەی ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە دەکەن:-

1. هۆشیارکردنەوەی تاك و کۆمەڵ بەگرفتە ژینگەیەکان کە دەبنە هۆی تێکچونی هاوسەنگی ژینگەیی، هەروەك ئاماژە بەو هۆکارە کەسیانە دەکات، کە دەبنە هۆی پاراستنی ژینگە و چارەسەرکردنی گرفتەکان.
2. ئاگادارکردنەوەی دەسەڵات و دەستە و لایەنە پەیوەندیدارە نیشتمیانیەکان و، ئەوانەی بڕیار بەدەستن سەبارەت بە کێشە ژینگەییەکان، لە پێناو دەرکردنی یاسایی نوێ بۆ پاراستنی ژینگە و چەسپاندنی بنەمای هاوسەنگی لە نێوان ژینگە و پەرەپێدان.
3. ئامادەکردنەوەی هاوڵاتیان و کۆمەڵ بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو ڕەفتارە کلاسیکیانەی کە دەبنە هۆی وێرانکردنی ژینگە و سەرچاوەکانی و، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریان بۆ گرنگی هەموارکردنەوەی ڕەفتارەکانیان.
4. دەستەبەرکردنی زانیاری دروست و ڕوون سەبارەت ژینگە و چۆنیەتی پاراستن و پاك ڕاگرتنی.
5. دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەکان بەشێوەیەکی سادە و گشتی بۆ جەماوەر و، ڕەخساندنی دەرفەتی گفتوگۆکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و بڕیار بەدەستەکانی تایبەت بەژینگە (ابراهیم،2001، 224-225) .
6. یارمەتیدانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئاڵۆز و وابەستەی یەکتری ژینگە بەهۆی کارلێکی نێوان لایەنە بایۆلۆژی و فیزیکی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی.
7. دابینکردنی کارامەیی و ئامراز و بۆ لێکدانەوەی پەیوەندییەکانی ڕەفتاری تاکەکان و کۆمەڵگاکان لەگەڵ توخمە جۆراوجۆرەکانی ژینگە لە کات و شوێنە جیاوازەکان.
8. بەشداریکردن لە دروستکردن و پەرەپێدانی هۆشیاری بۆ پاراستنی ژینگە بە مەبەستی پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی گەشەپێدان ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری لە هەموو ئاستەکاندا.
9. ئامادەکردنی تاک و کۆمەڵگە بۆ بەشداریکردن لە بڕیارەکانی پەیوەست بە پاراستنی کوالیتی ژیان و ژینگەی سروشتی و چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکان.
10. بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیرۆکە و ڕەوتی پێویست بۆ وەرگرتنی شێواز و ڕێگەکانی ژیان و، دورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی هەر ڕەفتار و هەڵس و کەوت و کارێک، کە کاریگەری زیانبەخش لەسەر ژینگە دروست دەکات.

## 5.3 ڕاگەیاندنی ژینگەیی و هەمواری هەڵوێستەکانی تاک:

باشترکردن و پاراستنی ژینگە پێویستی بە گرنگیدان و هاوکاری بەردەوامی حکومەت و ڕێکخراو و کۆمپانیا و تاکەکان هەیە، شانبەشانی ئەوان ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەتوانێ بەسود وەرگرتن لە چەندین شێوازی مۆدێرن ڕۆڵی لە پاراستن و باشترکردنی ژینگە هەبێ و، ڕەفتاری و هەڵوێستی تاکەکان بەچەندین شێوە هەموار بکاتەوە، لە نێو ئەم شێوازانەشدا ئەمانەن:

1. وزەی نوێبووەوە: دەبێ ڕاگەیاندنی ژینگەیی هاندەری بەکارهێنانی وزەی نوێ بێ، وەک وزەی خۆر و با، چونکە بەکارهێنانی سووتەمەنی دەبێتە هۆی دەردانی گازی ژەهراوی زیانبەخش بۆ ژینگە.
2. ڕیسایکلکردن: ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەتوانێت هاندی تاک بێ بۆ ئەوەی ماددە زیندووەکان بەکاربهێنرێت، هەروەها دەتوانرێت کەرەستەی دیکە بگۆڕدرێت بۆ بەرهەمی نوێ، ئەمەش بەفیڕۆدان و بەکارهێنانی سەرچاوەکان کەمدەکاتەوە.
3. **ک**شتوکاڵی ئۆرگانیک**:** هانی جوتیاران دەدات بۆ چاندنی ئەو خۆراکە ئۆرگانیانەی، کە قڕکەر و مادەی کیمیایی بەکاردەهێنن کە کەمتر زیانیان بۆ ژینگە هەیە.
4. گواستنەوەی زیرەک**:** هاندانی هاوڵاتیان بەتایبەت و حکومەت بەگشتی دەدات بۆ بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی و ئۆتۆمبێلی کارەبایی و پاسکیل، هەروەها کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی سووتەمەنی، چونکە وەک عەمید ئەسعەد کەریم وتەبێژی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت :" تا کۆتایی ساڵی (2022) لە هەرێمی کوردستان (2) ملیۆن و (411) هەزار و (47) ئۆتۆمبێل تۆمارکراون، لەگەڵ (18) هەزار (819) ماتۆڕسکیل هەیە" (KTV: 2023) کە ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان زیاتر (7) ملیۆن لیتر بەنزین دەسووتێنن، ئەوە جگە لە هەزاران موەلیدە، هەزاران کارگە کە بەشێکیان گاز دەسووتێنن.
5. بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوەکان: ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەتوانرێت هاندەر بێ بۆ ئەوەی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر و ئابووریتر بەکاربهێنرێن، تا بەکارهێنانی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و کەرەستەی خاو کەم دەبێتەوە.
6. هۆشیاری و پەروەردە: ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەتوانرێت وەک کەناڵێکی پەروەردەی کارا زانیاری و هۆشیاری پێشکەش بە خەڵک بکات سەبارەت بە شێوازەکانی پاراستن و باشترکردنی ژینگە، و هاندانیان بۆ گرتنەبەری شێوازی ژینگەیی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، جێبەجێکردنی ئەم شێوازە سەردەمیانە پێویستی بە هاوکاری لایەنە جیاوازەکان و جەماوەر هەیە و میدیای ژینگەپارێزیش دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی ئەو بیرۆکە و زانیاریانە و پەروەردەکردنی جەماوەر لەسەریان.
7. بەردەوامیی خۆراک: ڕاگەیاندنی ژینگەیی پێویستە هاندەر بێ بۆ باشترکردنی شێوازی بەرهەمهێنان و خواردنی خۆراک بەشێوەیەک کە دۆستی ژینگە بێ، ئەمەش بریتییە لە بەرهەمهێنانی خۆراکی ناوخۆیی و وەرزی و ئۆرگانیک و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی خۆراک و بەکارنەهێنانی پێداویستیە پلاستیکیەکان لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان و لەکاتی گەشت و سەیران، چونکە گەشتیار زۆرجار درەخت دەشکێنن و دەسووتێنن، سەیرانگاکان پیس دەکەن، مەوادی پلاستیکیی زۆر کە بۆ ماوەی (300) ساڵ لە خاك و ئاو دەمێننەوە فڕێ دەدنن و ژەهراوییان دەکەن.
8. دیزاینی ژینگەیی: ڕاگەیاندنی ژینگەی دەتوانێ دیدگەی تاک ڕۆشەن بکات لە

چۆنیەتی دروستکردنی ماڵ و خانوەکانیان، بەشێوەیەک شارەکان وا دیزاین بکرێت کە وزە پاشەکەوت بکات و کوالێتی هەوا باشتر بکات و پاشەڕۆ کەم بکاتەوە و سامانە سروشتییەکان بپارێزێت.

9. تەکنەلۆژیای پاک: تەکنەلۆژیای پاک بەکاردێت بۆ کەمکردنەوەی دەردانی پیسکەری زیانبەخش و باشترکردنی کوالێتی هەوا و ئاو و بەرەوپێشبردنی بەردەوامیی ژینگە، لەمشدا ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەتوانێ هاوکار و هەماهەنگ بێ، چونکە تاک لە ئێستادا بەرێژەیەکی زۆر ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەکاردێنن. ئەمەش کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر پیس بوونی ژینگە سەرەرای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زۆر. بەڵام دەبێ ڕاگەیاندنی ژینگەیی هەست بەبەرپرسیاریەتی لای تاک بەرامبەر ژینگە دروست بکەن و هەولبدەن پارێزگاری لێبکەن.ئەمەش بەزۆر شێوە دەکرێ وەکو دورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی دەنگە دەنگ و ژاوەژاوی زۆر دروست دەکەن.

10. ڕووبەڕی سەوزایی: پانتایی سەوزایی شارەکان بەرەوپێشبردنی چاندنی ڕووەک و فراوانکردنی ڕوبەڕی سەوزایی لە شارەکان و باشترکردنی کوالێتی هەوا و کەمکردنەوەی دەردانی زیانبەخش، یەکێک لە هەموارکردنەوەی ڕەفتاری تاک کە ڕاگەیاندنی ژینگەیی جێبەجێی دەکات، چونکە بەپێی دوایین ئامارەکان ڕێژەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە (10 %)، لە پارێزگای هەولێر (9,5 %) لەرووبەری گشتی پارێزگا، لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەکە (9,1 %) کۆی رووبەری گشتی پارێزگایە، لە دهۆکیش (27,58 %) دەبێت، لە پارێزگای هەڵەبجەش (10,4%) دەبێت، ئیدارەی گەرمیان (4,4 %) دەبێت، لە ئامێدی ڕێژەی سەوزایی دەگاتە نزیکەی (54 %)، لە قەزای مەخموریش نزیك لە (2 %) دەبێت."، ڕێژەی ستانداردی جیهانیش پێشتر (15 %) بوو، ئێستا بەرزبووەتەوە بۆ (25 %)، ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و پیسبوونی زیاتری ژینگە." (بابان، 2019).

11. بەفیرۆنەدانی ئاو. ئاو یەکێکە لە هۆکارە هەرە کاریگەرەکانی راگرتنی هاوسەنگی ژینگە. ڕاگەیاندنی ژینگەیی دەبێ هۆشیاری تاک پەرەپێبدات بۆ ڕێزگرتن لە ئاو و بەفیرۆی نەدا. زۆری بەکارهێنانی ئاو لە ئێستادا، وادەکات لەسالانی داهاتوو ئاوی پاك کەم ببێتەوە و گرفتی گەورە بۆ هاوڵاتیان دروست بێت، عێراق و هەرێمی کوردستان یەکێکین لەو ناوچانەی کە لە داهاتودا ڕوبەڕوی مەترسی کەمبونەوەی ئاوی پاک دەبێتەوە، " بە پێی توێژینەوەکان تا ئاستی (60%) ئاوی سەرزەوی لە هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە" (ناس کورد، 2022) بۆیە دەگوترێت(جەنگی داهاتوو،جەنگی ئاو)دەبێت. لێرەدا ئەرکی ڕاگەیاندنی ژینگەیی زۆر گرنگ دەبێ بۆ هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان تاوەکو بەهەموو شێوەیەك ئاو بەگوێرەی پێویست بەکاربێنن و زیادەرەوی لەبەکارهێنانی نەکەن.

## 6. ئەنجام وپێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

لە کۆتایدا، توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجامی گرنگ، لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانیشدا چەندین پێشنیازی بۆ لایەنە جیاکان گەڵاڵە کرد، لەگەڵ خستنەڕوی ژمارەیەک ڕاسپاردە بۆ توێژەران، ئەوەش بەم شێوەیە

### 6.1 ئەنجامەکان:

دوای خستنەڕووی لایەنەکانی توێژینەوەکە و، و هەڵسەنگاندنی لایەنە جیاکانی ڕاگەیاندنی ژینگەی بەگشتی و ڕاگەیاندنی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان، توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامانە:

1. ڕاگەیاندنی ژینگەی چ وەك چەمك چ وەك بابەت و زانست، مێژویەکی کۆنی نیە، بەڵکو یەکێکە لە زانستە تازەکان و، لەگەڵ زۆربونی کێشەی ژینگە و تێکچونی هاوسەنگی ژینگە، پێویستی ئەم زانستە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەرکەوت.

2. هاوشان لەگەڵ وڵاتانی جیهان بەگشتی و، وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت، لە کوردستانیش بایەخدان بەژینگە لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەستپێکردوە، دواتریش لە ئاستی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و، ئینجا حکومەت و پارڵەمانی کوردستانیش بایەخدانەکانیان بەژینگە دەستپێکردوە.

3. لە کوردستان سەرباری بایەخدانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەژینگە، بەڵام بەهۆکاری نەبونی پسپۆڕی ئەکادیمی لە بواری ڕاگەیاندنی ژینگەیی و کارنەکردنی کەناڵەکانی دیکەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وچەندین بابەتی دیکە، ژینگەی کوردستان و هۆشیاری ژینگەیی لە ئاستی پێویستدا نیە.

4. ڕاگەیاندنی ژینگەیی بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتە تاك و کۆمەڵ و لایەنە پەیوەندیدارەکان و، لە کارەساتەکانی ناهاوسەنگی ژینگەی ئاگاداریان بکات، جۆرەها ئامراز و شێوازی کارکردنی هەیە.

5. ئەرکی ڕاگەیاندنی ژینگەیی تەنها گواستنەوەی هەواڵ و پیشاندانی کەش و هەوا نیە، بەڵکو بریتیە لە بیناکردنی نەوەیەکی هۆشیار بەژینگە و کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ و ئایندەی ژیان و گیانەوەرەکان.

6. ڕاگەیاندنی ژینگەیی ئەخوازێ، مرۆڤەکان هەمواری ئەو ڕەفتار و مامەڵەنەیان بکەن، کە بەرامبەر بەژینگە وێرانکەر و کارەساتبار بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

7. ڕاگەیاندنی ژینگەیی کار بۆ ئەوە دەکات تاکەکان نەك هەر لەسەر ئاستی کەسی، بەڵکو لە ژینگەیی خێزانی و شوێنی کارکردن و بازارکردن و گەشت و سەیران مامەڵەی دروست لەگەڵ ژینگەدا بکات.

8. ڕاگەیاندنی ژینگەیی جگە لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، هاوکات شیکردنەوەی ڕووداو و بابەتە ژینگەییەکان بۆ وەرگر بەئەرکی لە پێشنەی خۆی دەزانێ، هەروەك ڕێ دەگرێ لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێکلام و بابەتە ڕۆژنامەوانیانەی کە زیان بە ژینگە دەگەێنێ.

9. ڕاگەیاندنی ژینگەیی ئامانجێتی دەرفەتی گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوان هاوڵاتیان و ژینگەپارێزان و کەسانی بڕیار بەدەست بڕخسێنێ، لە پێناو تێگەیشتنی زیاتر لە ژینگە و داهاتوی ژینگە.

10. بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنێکی ژینگەیی کاریگەری لە کوردستان هەبێ، پێویستە ناوەندە ئەکادیمیەکان کار بۆ پێگەیاندنی میدیاکاری ژینگەیی بکەن، چونکە ئەمڕۆ ژینگە بۆتە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی جیهان.

### 6.2 پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

ئامادەکردنی پلانێکی ستراتیژی بۆ تێکەڵکردنی ڕاگەیاندنی ژینگەیی لە سیستمی ڕاگەیاندنی گشتیدا، بەجۆرێک کە:

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp73-82

1. ئامانج و بەرنامە و چالاكیی و میكانیزمەكانی جێبەجێكردن لەخۆدەگرێت و توانا و مەیل و ئامادەیی میدیای و ئاستی پێگەیشتنی و تێگەیشتنی میدیاكاران لەخۆبگرێت.
2. دروستكردنی هەماهەنگی و هاوبەشی و بەرزكردنەوەی ئاستی ئاڵوگۆڕی نێوان دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن و پسپۆڕانی بواری ژینگە لە بوارە جیاكان.
3. دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن باشترە ستراتیژییەكانی كاركردنیان بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری ژینگەیی هەمەچەشن بكەن.
4. ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ شایستەكردنی میدیاكارانی ژینگەیی و پسپۆڕ لە بابەتە ژینگەییەكان بۆ زیاتر بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاریان لە فێركردنی چەمكەكانی ژینگە و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیارییان لەو بارەیەوە.
5. بایەخدانی زیاتری بەشەكانی ڕاگەیاندن لە زانكۆكان بە پەروەردەی ژینگەیی لە چوارچێوەی پلانی خوێندن؛ ئەمەش لە پێناو ئامادەكردن و ڕاگەیاندنكاری بەتوانا و لێهاتوو بۆ داهاتوو لە بوارەكانی ڕاگەیاندنی ژینگەیی.

### 6.3 ڕاسپاردەكانی توێژینەوەكە:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر ناوەڕۆكی پرۆگرامەكانی كەناڵەكان لە كۆمەڵگەی كوردستانیدا.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک کە دیدێكی پێشنیاركراوی بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری لەبارەی چەمكە ژینگەییەكان لەنێو ڕاگەیاندنەكان دەخاتەڕوو.
3. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی ڕاگەیاندنی ژینگەی دەبنەوە.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەبارەی مەترسی و هەڕەشەكانی ڕیكلام لەسەر ژینگە لە میدیای كوردستانی.

## لیستی سەرچاوەكان

### سەرچاوە كوردییەكان

بابان، هێمن (9/4/2019) ، دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگە: "ڕەوشی ژینگەی هەرێم مەترسیدارە"، ئەنادۆڵ: لەم بەستەرە بەردەستە (دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگە" :ڕەوشی ژینگەی هەرێم مەترسیدارە " (aa.com.tr)).

بەرزنجی، هیوا (2013/11/14)، كۆمپانیاكانی نەوت ژینگەی كوردستان تێكدەدەن، (www.niqash.org).

جاف، ئەمیرە عەبدوڵلا (2017/4/12)، ڕاگەیاندن و ژینگە دەروازەیەك بۆ ناساندنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پاراستنی ژینگەدا".(www.penus.krd).

جەلال، سامان (2019)، ڕیكلام لە ڕاگەیاندنی كوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ربیع، عادل مستعان (2014)، هۆشیاری ژینگەیی، وەرگێڕانی ئەحمەد علی ئەحمەد، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

شێخە، دیاری (2019)، چارەسەركردنی زبڵ و خاشاك لە هەرێمی كوردستان. (www.kurdistan24.net).

قەرەداغی، سەروەر (2015)، ژینگەو ڕێكخراو ژینگەیەكان لەباشووری كوردستان (1991-2015)، ڕێكخراوی سروشت و كوردستان. كوردستان، چاپخانەی چوارچرا.

كەی تی ڤی (28/1/2023) كۆنگرەی ڕۆژنامەوانی وتەبێژی هاتوچۆی هەرێمی كوردستان (KTV): لەم بەستەرە بەردەستە (كۆنگرەی ڕۆژنامەوانی وتەبێژی هاتوچۆی هەرێمی كوردستانYouTube ).

محمد، هەوراز (2008)، پیسبوونی بینین و كاریگەری لەسەر ڕەفتاری كۆمەڵایەتی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

هواس، عمار نجم الدین. (2015)، پەیوەندی ڕاگەیاندن بە توندوتیژییەوە لە هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان، نامەیەكی ماستەرە بڵاونەكراوەتەوە، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر، هەولێر.

ناس كورد (11.5.2022) ئاماری "مەترسیدار"..هەرێم نزیكەی 70%ی ئاوی نوێیوەوەی لەدەستداوە (NEWSNAS)، لەم بەستەرە بڵاوكراوەتەوە (ئاماری "مەترسیدار"..هەرێم نزیكەی 70%ی ئاوی نوێیوەوەی لەدەستداوە (nasnews.com)).

### سەرچاوە عەرەبییەكان

ابراهيم، اسماعيل، (2001)، الصحفي المتخصص، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.

أحمد، غريب سيد. (1995)، علم الاجتماع و الاتصال و الاعلام. مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

الاخضر، شتوى، (2006)، برامج التربية البيئيه فى تلفزيون الجزائر، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة بن يوسف بن خدة، الجزائر.

اعوانى، ماجد راغب. (1993). القانون الحمايه البيئية. مصر: جامعة امارات العربية.

باديس، مجانى (2017)، دور الاعلام فى نشر الوعى البيئى، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد ()،الجزائر.

بدوى، أحمد زكى (1994)، معجم مصطلحات الاعلام، ط3 ، دار الكتاب اللبنانى، بيروت.

الجبوري، سناء محمد (2011)،الاعلام البيئى، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان.

خاطر، محمد إبراهيم (2016)، الإعلام والتوعية البيئية، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان.

سالم، نصيرة (2016)، التنمية المحلية و اشكالية البيئة، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد خيضرة، الجزائر.

صالح، جمال الدين السيد على (2003)، اعلام البيئى بين النظرية والتطبيق، مركز الاسكندرية للكتاب، الاسكندرية.

10.24086/cuejhss.v7n2y2023.pp73-82

عبدالحليم، عمار (2013)، المعالجة الاعلامية لقضايا البيئية فى الصحيفة الجزائيرية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية و الاعلام، جامعة الجزائر

عبدالحليم، فتح الباب، و حفظ الله، ابراهيم. (1985)، وسائل التعليم و الاعلام، الدار الولية للنشر و التوزيع، مصر.

فتيحة، كيحل. (2012)، الاعلام الجديد و نشر الوعى البيئى، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة الحاج لخضر- باتنة، الجزائر.

محسن، ماهيناز (2008)، الاعلام والبيئة، كلية الأداب، جامعة القاهرة.

مذكور، صلاح (1999)، التربية من أجل التراث العالمى. بحث قدمت إلى المؤتمر العالمى للعلوم، اليونسكو، الاردن.

مصطفى، هويدا (2010)، اسهام الاعلام فى تنمية الوعى البيئى بالتطبيق على قضية التغيرات المناخية، مجلة الاذاعات العربية، العدد (1).

هماش، لمين، و آخرون( 2017)، دور الاعلام فى تحقيق التنمية البيئية المستدامة فى الوطن العربى، بحث قدمت إلى المؤتمر العلمى (القانون و الاعلام)، جامعة طنطا، القاهرة.

Dhiman, A. K. (2017). Environment Awareness through SocialMedia. ICCLIS’17, pp.45-49.

Fleer, M. & Hardy, T. (2000). Science education for children: developing personal approach to teaching (2nd ed). Sydney: NSW, prentice Hall.

Rong, Cheng (2009) Newspaper coverage of environmental problems in china: an analysis of three Chinese Newspapers, Master of science in sociology, Oklahoma state University,.p 12-13.

Yadav, Sangita and Sinha, M.K. (2017). Role of Media in Promotion ofEnvironmental Awareness, ICCRMEMC 2017, MRES, Delhi, pp.51-60.